گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# تیۆرییەکانی شیکردنەوەی شوێنەوارە کۆمەڵایەتیی و دەروونییەکانی بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان

**ڕێبین کاکەمم عمر باوزی**
بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
rabinkakamam@gmail.com

**پ.ی.د. زانا احمد پیرداود**
بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
Zana.perdawd@su.edu.kurd

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن: ٢٠٢٢/٧/١٥
پەسەندکردن: ٢٠٢٢/٨/١٨
بڵاو کردنەوە: بەهار ٢٠٢٣

**ووشە سەرەکییەکان**
Drugs, Social Trails, Psychological Trails, Social Learning Theory, Psychological Theory

**Doi**: 10.25212/lfu.qzj.8.2.9

## پوختە

ئەم توێژینەوە تیشك دەخاتە سەر شیکاری شوێنەوارە کۆمەڵایەتی و دەروونییەکانی بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان، لە گۆشە نیگای تیۆرە کۆمەڵایەتی و دەروونییەکان، ماددەی هۆشبەر هەڕەشەیەکی ترسناکە لەسەر بونیادی تاك و خێزان و کۆمەڵگا، دیاردەیەکە لەجیهاندا بڵاوبۆتەوە ئامارەکانی مەترسیدارن، لە هەرێمی کوردستاندا بازرگانی و بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر ساڵ بە ساڵ لەزیادبووندایە، ئەمەش بۆتە دروستبوونی چەندین کێشەی دەروونی و کۆمەڵایەتی، ئامانجی ئەم توێژینەوەش هەوڵدانە بۆ زانینی ڕادەی دەرخستن و ئاشکراکردنی شوێنەوارە کۆمەڵایەتی و دەروونییەکانی زیابوونی بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان. لەکۆتایی توێژینەوەکەماندا گرنگترین ئەنجامەکان دەخەینە ڕوو کە پێی گەیشتووین لە ڕووی تیۆرییەوە.

## پێشەکی:

بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر و مەترسی و شوێنەوارە جۆر بە جۆرەکانی، خوێندنەوەیەکی زانستییانەی هەمەلایەنە لەخۆ دەگرێت، بەتایبەت شوێنەوار و مەترسییەکانی لەسەر تاك، خێزان، کۆمەڵگە، شایەنی باسە لەم توێژینەوە شیکاریەدا، شیکردنەوەی زانستیانە بۆ شوێنەوارە کۆمەڵایەتی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

و دەروونییەکانی بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان دەکەین، لەدیدی تیۆرە کۆمەڵایەتی و دەروونییەکان، کە تیۆرەکان دیاردەی بەکارهێنان دەگەڕێننەوە بۆماوەیی، کولتووری، دەروونی، پێشینەی مێژووی خێزان، ئەمە سەرەڕای ئەوەی سیمای کەسێتیش ڕۆڵی نەرێنی خۆی هەیە وەکو زانا جیمس کلمەن لەلایەن خۆیەوە سێ هۆکاری کردۆتە پاساوی بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان کە هۆکارەکان بریتین: لەیەکەمیان، نەخۆشی و ئازاری جەستەیی، کەمکردنەوەی سڕینەوەی ئازارەکانی جەستە دووەمیان، تێکچوونی باری کەسێتی تاك لە ڕێگەی نەخۆشی دەروونی، تێکچوونی هاوسەنگی دەروونی سێیەم کۆتایی، هۆکاری کۆمەڵایەتی و کولتووری (سخاوت، 2002: 123). لە هەرێمی کوردستان بەکارهێنان و بازرگانیکردن بە مادده هۆشبەرەکان ڕۆژ بەڕۆژ لە زیادبوونە، ئەمەش زەنگێکی مەترسیدارە و گەورەیە بۆسەر ئاسایشی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا، زیادبوونی بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان لە هەرێمی کوردستان. بۆتە هۆی درووستبوون و دەرکەوتنی چەندین کێشەی کۆمەڵایەتی و دەروونی مەترسیدار، زیانێکی گەورەی ئابووریشی هەیە. ڕێژەیەکی زۆر لەسەرمایەی تاك، خێزان و کۆمەڵگا بە فیرۆ دەچێت. مەترسی ماددەی هۆشبەر بۆتە هەڕەشەیەك لەسەر بونیادی کۆمەڵگا، شوێنەوارەکانی وەکو (لادان، هەژاری، بێکاری، ڕێژەی تەلاق، جیابوونەوە، کوشتن، خۆکوشتن ، سووتان، خۆ سووتاندن و کێچەڵی سێکسی بەدوای خۆیدا دەهێنێت. دیاردەیەکە لەجیهاندا بڵاوبۆتەوە ئامارەکانی مەترسیدارن، مەترسی ماددەی هۆشبەر لەپاڵ (چوار) قەیرانی جیهانی سەیر دەکرێت، ئەوانیش (دانیشتوان، پیسبوونی ژینگە، قەیرانی ئەتۆمی و قەیرانی تیرۆر) ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی شیکارییە، میتۆدی بەکارهاتوو، میتۆدی وەسفی شیکارییە، چونکە توێژینەوەکە توێژینەوەیەکی تیۆرییە بۆ تیۆرییەکانی شیکردنەوەی شوێنەوارە کۆمەڵایەتیی و دەروونییەکانی بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان.

## یەکەم: ڕەهەندەکانی توێژینەوە:

### 1-گرفتی توێژینەوە:

هەڵبژاردنی ناونیشانی هەر توێژینەوەیەکی زانستی لە ڕێگەی سەرنجدان و هەست پێکردنی توێژەر بە گرفتی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی وەکو **(شوێنەوارە کۆمەڵایەتی و دەروونیەکانی زیادبوونی بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان )** سەرچاوە دەگرێت وە هانی توێژەر دەدات لە ڕێگەی دانانی

شوێنەوارەکانی دواتر دۆزینەوەی ڕێگەچارەی گونجاو بۆ چارەسەرکردن یان کەمکردنەوەی مەترسییەکانی بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر لەسەر تاك و خێزان و کۆمەڵگا.

گرفتی توێژینەوە دەستنیشانکردنی مەترسییەکانی زیاد بەکارهێنانی مادده هۆشبەرە لە دیدی تیۆرەکانی توێژینەوە کە بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر وەك نەخۆشیەکی دەروونی و کۆمەڵاییەتی و تەندروستی لەسەر ئاستی جیهان سەیر دەکرێت. بۆیە ئەم دیاردەیە زۆر ترسناکە کاتێك ماددەی هۆشبەر زیاد بەکاردێت چەندین شوێنەواری کۆمەڵاییەتی دەروونی، لەدوای خۆی دروست دەکات، مەبەست لە گرفتی توێژینەوە دەوەستێتە سەر چەند پرسیارێك بۆ گەیشتن بە ئامانجی تیۆری توێژینەوە.

1-ئایا شوێنەوارە کۆمەڵاییەتیەکانی بەکارهێنانی ماددەهۆشبەر چین؟ کە بەهۆی بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر دروست دەبن لەسەر تاك و خێزان و کۆمەڵگا لەدیدی تیۆری فێربوونی کۆمەڵایەتی و تیۆری لێکترازانی کۆمەڵایەتی.

2-ئایا شوێنەوارە دەروونییەکانی بەکارهێنانی ماددەهۆشبەر چین؟ کە بەهۆی بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر دروست دەبن لەسەر تاك و خێزان و کۆمەڵگا لەدیدی تیۆری ڕەفتاری دەروونشیکاری.

## 2-گرنگی توێژینەوە:

بایەخ و گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە هەوڵێکی زانستیانەیە لە بابەتێکی پێویست، ئەم توێژینەوە لەسەر ئاستی زانستی یەکەم توێژینەوەیە لە هەرێمی کوردستان ئەنجام دەدرێت، بەپێی زانیاری توێژەران هیچ توێژینەوەیەك هاوشێوەی ئەم بابەتە ئەنجام نەدراوە، بەناونیشانی **شوێنەوارە کۆمەڵایەتی و دەروونیەکانی زیادبوونی بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان، توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە پارێزگای هەولێر** بەشێوەیەکی گشتی، توێژینەوەکەمان بە پشت بەستن بەچەندین سەرچاوەو پەرتوکی زانستی گرنگ و سەردەمی و لەم بوارەدا هەوڵ دەدەین دەوڵەمەندی بکەین، کە دەبێتە هۆی کەڵەکەبوونی زانیاری و مەعریفەی زانستی نوێ بەم، توێژەران هەوڵ دەدەن بابەتێکی زانستی و مەعریفی پێشکەش بە کتێبخانەی کوردی و دامەزراوە پەیوەست دارەکانی پەیوەست بە مەترسی مادده هۆشبەرەکان بکەن، وە هەوڵدانێکە بۆ دیاریکردنی چارەسەری گونجاو پێشکەشکردنی پێشنیازو ڕاسپاردەی پێویست بۆ ڕێگە گرتن لە بڵاوبوونەوەی مەترسیەکانی بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر. ئەم

توێژینەوە تیۆرییە ئەنجامدەدرێ بۆ بە دەستهێنانی بەڵگەیی زانستی تیۆری لەسەر بابەتێکی پێویست و ترسناکی هەنووکەیی کە پەیوەستە بەگشت لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵگا، ئەویش مەترسی شوێنەوارە کۆمەڵایەتی دەروونییەکانی بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکانە، کە داڕووخانی  کۆمەڵگە بەدوای خۆی دەهێنێت. ئەم توێژینەوە ڕەنگە ببێتە باشخانێکی مەعریفی تیۆری بۆ توێژەرانی تر، ئەمەش هاوکارو یارمەتیدەر دەبێت بۆ توێژینەوە زانستی لەو بوارەدا لە دواڕۆژدا.

### 3-ئامانجی توێژینەوە:

هەر توێژینەوەیەکی زانستی ئامانجی دیاریکراوی هەیە کە توێژەران هەوڵ دەدەن لەکاتی شیکردنەوە و تاوتوێکردنی بابەتەکانی توێژینەوە ئامانجەکان بپێکێن و ئەنجامی زانستیان دەست بکەوێت. ئەم توێژینەوەیەش وەك هەر توێژینەوەیەکی تری کۆمەڵایەتی ئامانجەکان  بریتیین لە:

1-ئاشکراکردنی شوێنەوارە کۆمەڵایەتییەکانی  بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر هەروەها تیۆری لێکترازانی کۆمەڵایەتی لای (باندۆرا، گاربێل تار، ئۆدوین سیزەرلاند، وارد پیکەر) هەروەها تیۆری لێکترازانی کۆمەڵایەتی لای  (کلۆوارد و ئۆهلین، دۆرکهایم، ڕۆبەرت مێرتۆن، تۆرستین سیلین، ئیلیوت، محمد عارف) بۆ تیۆری لێکترازانی کۆمەڵایەتی.

2-ئاشکراکردنی شوێنەوارە دەروونییەکانی  بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر بەپێی تیۆری ڕەفتاری لای (وکلر، ستوڵمان، برۆك و توێژەرانیتری ئەم تیۆرە) هەروەها تیۆری دەروونشیکاری  لای  (سیگمۆن فرۆید و زانایانی تر).

## دووەم: چەمکەکانی توێژینەوە  (Research  Concept):

### 3-مادده هۆشبەر Drug

مادده هۆشبەرەکان بەترسناکترین پەتا دادەنرێت کە هەڕەشەیە لەسەر ئاسایشی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا، هەروەها شێواندنی کیان و سەقامگیری  کۆمەڵگا بەهۆی ئەو شوێنەوارە نەرێنیانەی کە جێی دەهێڵێت لەسەر تەندروستی مێشك، بە فیرۆدانی ووزە و سامان، کەمتەرخەمی و بێ بەهایی، تێکدانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، دەروازەیەك دەکاتەوە بۆ ئەنجامدانی تاوانی تری وەك: دزی، دەستدرێژی و کوشتن (العقیل،2009: 8). لەڕووی پزیشکیەوە، مادده هۆشبەرەکان بریتین لەو ماددەیەی کاردەکاتە سەر کۆئەندامی دەماریی تاك کە دەبێتە هۆی گۆڕان لە هەندێک ئەندامی جەستەی مرۆڤ کە ناتوانێ

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بە ئەرکی خۆی هەڵبستێت کە پێی دەگوترێت (کاریگەری فسیۆلۆژی). هەروەها دەبێتە هۆیی گۆڕان لە هەندێ توانای هۆی کارتێکردن لەسەر کۆئەندامی دەمار وەکو: هەستکردن، قسەکردن، بیرکردنەوە و خەیاڵکردن(محەممەد، ٢٠١٣: ١٩). مادده هۆشبەرەکان لەرووی دەروونییەوە بریتی یە لە ماددەیەکی سروشتی یان کیمیایی، کە کاریگەری دەخاتە سەر مرۆڤ لەکاتی بەکارهێنانی هەروەها کەسایەتی و ڕەفتارو هەڵسوتەکانی دەگۆڕێت (أبوعمە، 1998: 18). هەروەها لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە، مادده هۆشبەرەکان بریتین لە هەموو ئەو مادده سڕکەرانەی کە مێشک دەشێوێنن، کە بەکارهێنەران ئارەزووی جۆرێکی دیاریکراو دەکەن یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی، بوونی ئارەزوویەکی بەردەوامە بۆ بەکارهێنانی، ڕاهاتن لەسەری لە یەکەم هەنگاوەوە دەست پێدەکات بەرەو ئاڵودەبوون دەبیات، بەکارهێنانیشیان بەتەواوی کاردەکاتە سەر لایەنی دەروونی و کۆمەڵایەتی و بەرەو خوو ئاکاری لادەرانەی دەبات (عتیقە، ٢٠١٥: ١٣٠).

### 3-بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر: (The use of drug):

بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر، بریتییە لە هەوڵی تاك بۆ بەدەستهێنانی ماددەیەکی هۆشبەر ئەنجامی دەدات، کاتێك تاکی بەکارهێنەر وازی لە مادده هۆشبەرەکان هێنا دووچاری چەندین زیان دەبێت، ئەمەش کاریگەری دەبێت لەسەر پابەندبوونەکانی و تێکچوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتی ودروستبوونی چەندین گرفتی خێزانی و تاوانی، بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر، پلەیەك لە خوار ئاڵوودەبوونەوەیە، ڕەنگە سەرەتا تاکەکە بەتاقیکردنەوە دەست پێبکات لەهەنگاوە دووبارەکانیدا دەبێتە تاکی خوگرو ئاڵوودەبوون، بۆیە بەکارهێنان یەکەم هەنگاوی ئاڵودەبوونە (غانم، 2004: 40).
بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر مەبەست لێی ئەو پێشێلکارییەیە کە بەکارهێنەر بەرامبەر خۆی دەیکات، کە زیان بە لایەنی جەستەی و تەندرووستی و دەروونی خۆی دەگەینێت، بەهۆی کاریگەری مادده هۆشبەرەکان یان هاندەرەکانی دەبێتە هۆی بەدهۆشبوون، واتە بریتیە لە کردەی بەکاربردنی مادده زیان بەخشەکان (المعایطة، ٢٠١٧: ٣٤٢). بەکارهێنان بریتی یە لەوەی کە کەسێك ماددەیەکی هۆشبەر بەکار بهێنێ تا ئاستی ئەوەی کە زیان بە جەستەی کەسی بەکارهێنەر بگەیەنێ، یان تەندرووستی ئەقڵی بگەیەنێ، کاریگەری بخاتە سەر توانای پیشەیی لەبواری کۆمەڵایەتی و دەروونی (Little Brown ، 1976: 222).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**3-شوێنەواری کۆمەڵایەتی: (society trace / trail):**

شوێنەواری کۆمەڵایەتی بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر بریتییە لەو کاریگەریە مەترسیدارانەی کە مەترسی زۆر لەسەر تاك و خێزان و کۆمەڵگا دادەنێت، لەسەرجەم بوارەکانی ئابووری، سیاسی، ئایینی، کلتووری، ژینگەیی، تەندروستی، چارەسەرکردنی دەبێتە ئەرکێکی قورس لەسەرجەم کۆمەڵگاکان و لە سەرانسەری جیهانیشدا وڵاتێك بەدی ناکەین لە مەترسیی شوێنەوارە کۆمەڵایەتییەکانی بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان دوور بێت ( (انجمن جامعەشناسی ایران،٢٠٠٧: 109). شوێنەواری کۆمەڵاییەتی بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر لەدەرئەنجامی بەکارهێنان و ئاڵودەبوونی ماددەی هۆشبەر دروست دەبێت، کە مەترسیەکی گەورەیە ڕوو بەڕووی تاك، خێزان و کۆمەڵگا دەبێتەوە لەسەر ئاستی جیهان، شوێنەوارەکان ڕەنگدانەوەیان دەبێت لەسەر چۆنایەتی ژیان و پەیوەندییەکان، سەرەنجام بەرەو نەمان و لاوازکردن دەبات لەسەرجەم ئاست و بوارە جیاجیاکان.(عبداللطیف،1992: 68).

**4-شوێنەواری دەروونی: (psychological trail/trace)**

شوێنەوارە دەروونییەکان لەئەنجامی بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان دەبێتە هۆکاری سەرهەڵدانی چەندین نەخۆشی دەروونی و ئەقڵی، بەتایبەت ئەوانەی کەسایەتیان کامڵ نەبووە، ئەوانە زیاتر لە ڕووی دەروونییەوە بە ماددە هۆشبەرەکان پا بەندو بەستراون تا لەڕووی جەستەییەوە (بدوی، 2016: 8). لە ئەنجامی بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر، کۆمەڵێك شوێنەواری دەروونی دەردەکەون کە کاریگەری ڕاستەوخۆ دەکاتە سەر تاك، کە توشی بارێکی دەروونی ناجێگیری دەکات، ڕەنگدانەوەی لە هەڵسوکەوت و ڕەفتارەکانی دەبێت، ڕەنگە ڕووبەڕووی چەندین کێشە و نەخۆشی دەروونی ببێتەوە لە ژیانیدا وەك (هەستکردن بەتەنیایی، خەمۆکی، دڵەڕاوکێ، فشار، دەستدانی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان (غانم، 2003: 7).

## سێیەم: تیۆرییەکانی توێژینەوە : (Research theories)

**1-تیۆری فێربوونی کۆمەڵایەتی** (social lerning theory)

تیۆری فێربوونی کۆمەڵایەتی لە بنەڕەتدا ئەم تیۆرە بۆ زانای بەناوبانگی کەنەدی **ئەلبێرت باندۆرا** (2021-1925.Albert Bandura) دەگەڕێتەوە. کە بە یەکێک لە دەروونزانە بەناوبانگەکانی بواری دەروونزانی کۆمەڵایەتی لە سەدەی بیستەمدا دادەنرێت، تیۆری فێربوونی کۆمەڵایەتی لە ڕەڤەکردنی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دیاردەکاندا پشت دەبەستێت بە چەمکە کارلێککراوەییەکان لەنێوان دیاریکراوە مەعریفیە ڕەفتاریەکان و ژینگە، لەو دیاردانەش کە بەشدار بوون لە ڕاڤەکردنیاندا، بەکارهێنانی هۆشبەرەکان (Nabavi، 2012 ، 230). **باندۆرا** پێیوایە کە هەڵسوکەوت هەمیشە پێویستی بە بەهێزکردن نیە بەڵکو زیاتر ئەوەی مرۆڤەکان فێری دەبن لەڕێگای تێبینی هەڵسوکەوتی کەسانی ترەوەیە، ئەوهەڵسوکەوتانەی دەبنە هۆکاری پاداشت و سزا، چونکە زۆر جاران بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر هۆکارە بۆ بەهێزکردنی هەندێ هەڵسوکەوتی ئەرێنی یا نەرێنی، بۆنمونە وەك ئارامکردنەوەی دڵەڕاوکێ، یا فشار، هەروەکو چۆن دابەزاندنی ئاستی دڵەڕاوکێ پەیوەیستە بە بنەماکانی فێربوون کە دەڕوانێتە هەڵسوکەوتی ئاڵودەبوون وەکو هەڵسوکەوتێك کە ڕەگەزە بنچینەییەکان هان دەدات بۆ کۆنترۆڵ کردن و دابەزاندنی ئاستی دڵە ڕاوکێ، ئەم شۆڕبونەوەیەش دەری دەخات کە تاك فێری ئەوە دەبێ کە بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان ڕەنگە گونجانی جەستەیی مرۆڤ کەمتر بکاتەوە بەرامبەر فشارەکان، لەدوا ساتە یەکبەدوای یەکەکاندا تاك بەرەو داڕوخان دەبات و توشی چەندین شوێنەواری کۆمەڵایەتی دەکات لەوانەش دوور کەوتنەو نەمانی پەیوەندیەکانی تێکچوونی ڕەفتارەکانی و هەنگاو نان بەرەو خۆکوشتن لە دەرئەنجامی ئەو دۆخەی تێی کەوتووە نازانێت دەست بۆ کام ئامرازی تێکشکان بەرێ (محمد، حمدي، 1992: 46). **باندۆرا** جەخت دەکاتە سەر گرنگی کارلێککردن و پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان و ئەو باردۆخەی فێربوون تێیدا ڕوودەدات. واتە بە پێی ئەم تیۆرە فێربوونی ڕەفتار و هەڵسوکەت و داب و نەریتی کۆمەڵایەتی لە بۆشاییەوە ڕوونادات، بەڵکو لە ژینگەی کۆمەڵایەتیدا، هەموو ئەوانەی تووشی بەکارهێنانی نایاسایی ماددەی هۆشبەر بوون لە ڕێگەی فێربوونەوە توش بوون، چونکە مرۆڤ لە ڕێگەی لاسایکردنەوە و تێبینیکردنی نموونەی ڕەفتاری کەسانی تر فێر دەبێت و ئەم فێربوونەش تاك تووشی شوێنەواری گەورەی کۆمەڵایەتی دەکات و کۆنترۆڵکردنی ئاسان نابێت (قەرەچەتانی، 2008، لا132). تیۆری فێربوونی کۆمەڵایەتی جەخت دەکاتەوە بەکارهێنەری ماددە هۆشبەرەکان لەڕێگەی تێبینیکردنی ڕاستەخۆ بەوەی کە سەرەتایەکی جیاواز لە دۆخی نیگەرانیەوە بۆ دۆخی دڵخۆشی و ئاسوودەیی بە سود و چێژ وەرگرتن لە ماددە هۆشبەرەکانی دەبات، بەمەش فێری ئەوە دەبێت کەوا بەکارهێنانی هۆشبەرەکان نیگەرانی دەڕەوێنێتەوە، بۆیە ئەگەر تێبینیکار هەستی بە نیگەرانی کرد، ئەوا بەبێ هەبوونی وروژێنەر دەکرێ کە ئەو دۆخەی پێشتر بەرهەم بهێنێت، ئەمەش کە ناودەبرێت بە (هەڵسەنگاندنی خودی، بۆیە بەپێی بۆچوونی **باندۆرا** دەکرێ کاریگەریە

پێشبینیکراوەکان لە دەرەنجامی وێناکردنە هێماییەکان ڕۆڵی پاڵنەر بگێڕن بۆ هەستان بە ڕەفتارێکی دیاریکراو، ئەویش بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر (فريدة، 2009: 67). باندۆرا دەڵێت: دیاردەکانی فێربوون ئەزموونی ڕاستەوخۆ و بە تێبینیکردن ڕوودەدەن، واتا بە تێبینیکردنی ڕەفتاری کەسانی تر و ئەو شوێنەوارانەی کە لێیەوە دێنە ئاراوە، بەڵام تیۆری فێربوونی کۆمەڵایەتی ئەو بۆچوونە ڕەت دەکاتەوە کە پێیوایە کە ڕەفتاری مرۆڤ دەکرێ بکرێت تەنها بە مەرجی کلاسیکی و بنەماکانی مەرجی ڕێکاری ڕاڤە بکرێت، بەڵکو لەتەك ئەم بنەمایانە، بایەخێکی گەورە دەدات بە ديارکراوە مەعریفيەکان (Bradiza، 1994، 22). ئەم تیۆرە وا دادەنێت کە هەڵسوکەوتی مرۆڤ تەنها ئەنجامی بە دوای یەکهاتنی شارەزایە کۆمەڵایەتیەکانە، کە تاکەکەس تێدا تێگەیشتنێك لەسەر ڕەوشت وە ڕێساو تێگەیشتنەکان لەسەر هەڵوێستەکان وەردەگرێت و چالاك دەبێت و حەزی لێیە (النعيمي، 2015، ص247). لایەنگرانی تیۆری فێربوونی کۆمەڵایەتی وای دەبینن هیچ کەس بە ئالۆدەبوویی لەدایك نەبووە، دەکرێ بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان وەك هەرکردەیەکی تر لەڕێگەی کارلێکی ژینگەی کۆمەڵایەتییەوە مرۆڤ فێری ببێت (فطاير، 2001: 227). گابرێل تارد(1843-1904 Gabriel Tard) پێیوایە ئێمە کەسمان بە تاوانباریی لە دایك نەبووین، بەڵکو لە خەڵکانی دی و لەڕێی چاولێکەریەوە فێری بووین (العمري، 2002: 56 ). تیۆری فێرکردنی کۆمەڵایەتی، هەموو شێوەکانی بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان پەیوەست دەکات بە فێربوونەوە، لەوانەیە نەبوونی زانیاری بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان نمونەی ئەو فێربوونە بێت، بەردەوامبوونی بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان تاك توشی چەندین شوێنەواری دەروونی و کۆمەڵایەتی دەکات لەڕێگەی ئەم فێربوونەوە (النعيمي، 2015: 247). لە دیدی تیۆری فێربوونی کۆمەڵایەتی بەکارهێنەرانی ماددە هۆشبەرەکان یەکێك لەو ڕەفتارانەیە کە لە ڕێگەی کۆمەڵایەتییەوە فێر دەبن و ڕەفتارەکانیان دەگۆڕێت بۆ ڕەفتاری نەگونجاوی دەروونی دواتر شوێنەواری کۆمەڵایەتی وەك تێکچوونی پەیوەندییەکانی فێربوونی ڕەفتاری نوێ و ئەنجامدانی تاوانی جۆراوجۆری وەك دەستدرێژی سێکسی، لەدەستدانی بنچینەکانی ڕەوشت و گۆڕانی کەسایەتی ڕوونی دەکاتەوە کە لە بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر توانستی خودی پێکدێت و بەندە لەسەر فاکتەرە کەسێتییەکان و فاکتەرە ژینگەییەکان و ڕەفتاری تاکەکان لەگەڵ کەسانی دەورووبەریان (بهرامی، 2004: 76). تیۆری فێربوونی کۆمەڵایەتی ڕوونکردنەوەی گرنگی لەڕووی زانستییەوە پێشکەش کرد دەربارەی بەلارێداچوون و بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان. تیۆری فێربوون جەختی کردۆتەوە لەسەر

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دوو بنەمای بنەڕەتی کە ئەوانیش: تێبینیکردنی ڕاستەوخۆ و لاسایکردنەوەیە، ئەم دوو بنەمایە پشتی پێ دەبەسترێت بۆ لێکدانەوەی دیاردە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکان و چۆنیەتی فێربوونی ڕەفتاری لادەرانە وەك بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر، جا ئەو رەفتارە چ ئاسایی بێت وەك لاساییکردنەوەی ڕەفتارێك یان جل و بەرگێك یان ستایلی قژی گۆڕانیبێژێك یان یاریزانێکی بەناوبانگی تۆپی پێ، ئەنجام دەدرێت، لەدەرئەنجامی تێبینیکردن، بۆ ڕەفتاری ئەو کەسەی کە لاسایی کەسێك دەکاتەوە بەوە جیا دەکرێتەوە کە پێگەیەکی کۆمەڵایەتی شکۆداری هەیە، ئێمە لاسایی ڕەفتاری ئەومان کردەوە لەوەوە فێر دەبین، ئەم فێربوونی بەکارهێنانەش تاکی بەکارهێنەر دەخاتە ناو گێژاوێکی مەترسیداری کۆمەڵایەتی و لە کۆمەڵگا دای دەبڕێت و دەی کاتە تاکێکی یاخی و بەرهەڵستکاری کۆمەڵایەتی دژی پیرۆزییەکان دەوەستێتەوە (Newman، 81 : 1986 ). ئەم تیۆرە دووپاتی دەکاتەوە کە ڕەفتارەکان مرۆڤ لەڕێگەی دووبارە کردنەوە و تێکەڵبوون لەگەڵ کەسانیترەوە فێربووە، هەروەها ئەم تیۆرە ئەوە دووپات دەکاتەوە کە دیاردەی بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر و ئاڵوودەبوون ڕەفتارێکی فێرکراوە لە ئەنجامی تێکەڵبوون بە کەسە بەکارهێنەرەکانەوە گواستراوەتەوە بەو پێیەی تاکەکە بەردەوام دەبێت لەسەر بەکارهێنانیان تاوەکو لەو کۆمەڵەیەدا بمێنێتەوە، هەروەك چۆن کۆمەڵەکەش پاڵپشتی دەکەن لەسەر ئەم ڕەفتارە، تاوەکو تاکەکە هەست بکات کە ئەویش ئەندامێکی ئەم کۆمەڵەیە، لە دیارترین زاناکانی ئەم تیۆرەش (**ئۆدین سیزەر لاند**) هەروەها زانای کۆمەڵناسیش گابرێل تارد (الدخيل، 2005: 41). تیۆری فێربووونی کۆمەڵایەتی دەیاردەی بەکارهێنان و ئاڵوودەبوون بە جۆرێك ڕاڤە دەکات کەبریتییە لە ڕەفتارێکی فێرکراو لە ئەنجامی تێکەڵبوونی مرۆڤ بە کۆمەڵە ئاڵوودەبوێك. (**وارد پیکەر Ward Pekar**) ئاماژە بەوە دەدات کە زۆربەی ئاڵوودەبووەکان لە ڕێگەی تێکەڵبوونیان بە هاوڕێی ئاڵوودەبوو دووچاری بەکارهێنانی ئەو مادانە بوونە، یان لە ڕێگەی کەسانی نزیك و تەنانەت لەڕێگەی هاوبەشی ژیان (العشماوي، 1994: 46) ئەم تێۆرە روونیدەکاتەوە، ئەو کەسانەی بە ئاسانی کاریگەر دەبن بە هۆشبەرەکان، واتا ئەوانەی بە ئاسانی چالاك دەبن بە وروژێنەرە ژینگەیی یان کارتێکەرە دەروونیەکانی دەورووبەریان ، ئەگەری ئەوە هەیە پێشبینیەکانیان ئەرێنی بن بۆ بەکارهێنانی هۆشبەرەکان. هەروەها وای دەبینێت ئەو دۆخانەی مەترسی بەرزیان هەیە ئەوا کاریگەری خودیان بەرزە، لەگەڵ ئەوەشدا کاریگەری خود ناکرێ هۆ بێت بۆ ڕەفتاری بەکار هێنان (Hawkins، 1992، 610). بەهێزکردنە خودیەکان و بەهێزکردنە کۆمەڵایەتییە و تێبینییەکان، بە گرنگترین پاڵنەر دادەنرێن

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئارەزووی بەکارهێنانی هۆشبەرەکان چالاک دەکەن لە چوارچێوەیەکەدا، بۆیە تیۆری فێربوونی کۆمەڵایەتی وای دەبینێت زانینەکان لە چوارچێوەی مەرج و مەرجدانانی ڕێکاری دەردەچێت، بەڵام کەسانێك هەن پێیان وایە نمونەی مەرجدانان دەکرێ ڕاڤەکردنێکی وەکو پێویستمان پێشکەش بکەن بۆ ئەو پەیوەندیەی هەیە لەنێوان کۆی زانینەکان و چالاککردنی ئارەزوو بۆ بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان، بۆ شوێنەوارە ئەرێنیەکانی مادده هۆشبەرەکان، دەکرێ سەیری بکرێت وەك وروژێنەرێکی مەرجی (Bradiza، 1994 ، 15).

**2- تیۆری لێکترازانی کۆمەڵایەتی:(Theory social Disorganization)**

تیۆری لێکترازانی کۆمەڵایەتی روونی دەکاتەوە بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر، ڕەفتارو هەڵسوکەوتێکی لادەرانەیە لە نۆرم و پێوەرە باوەکانی کۆمەڵگا، ئاماژەیە بۆ هەبوونی گرفتێکی کۆمەڵایەتی، کە تاك توشی چەندین شوێنەواری کۆمەڵایەتی دەبێت لە ئەنجامی بەکارهێنانەوە وەك جیابوونەوە، یاسا شکێنی، توندو تیژی، تالان، لێدان، کوشتن و سوتاندن. لێرەوە ئانۆمی کۆمەڵایەتی ڕەنگدەداتەوە، کەتاك و خێزان و کۆمەڵگا ئاراستەیەکی دژ یەك و نا بەرامبەر وەردەگرن و ئاسایشی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا بەرەو لاوازی دەچێت (العواد، 2002: 74). تیۆری لێکترازانی کۆمەڵایەتی شیکردۆتەوە، بەکارهێنەری ماددەی هۆشبەر کەسێکە نەیتوانیوە نۆرمە باوەکانی کۆمەڵگا هەرس بکات، یان هەروەك ڕۆبەرت مێرتۆن دەڵێت: بەکارهێنەری ماددەی هۆشبەر کەسێکە ناتوانێت لەگەڵ نۆرمە زاڵ و باوەکانی کۆمەڵگا خۆی بگونجێنێت یان قبوڵیان بکات، بۆیە تاکی بەکارهێنەر جۆرێك لەبەرهەڵستکاری وەردەگرێت بەرامبەر بە دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی وەك ئایین، کلتوورە باوەکانی و ڕەتیان دەکاتەوە و قبوڵیان ناکات و دژایەتیان دەکات، بە جۆرێك تا دەگاتە رادەی خۆ لەناو بردن و کۆتایی هێنان بە ژیان و لەبەر چاو نەگرتنی بەرژەوەندییەکانی خۆی و خێزان و کۆمەڵگاکەی (سخاوت، 2002: 107). دۆرکهایم لە دوو ڕەهەندی سەرەکییەوە لادان و تاوان شیدەکاتەوە، پێیوایە مرۆڤ لەلایەك وەك بوونەوەرێکی بایلۆجی خاوەنی ڕەمەك و پێداویستی هەمە جۆری خۆیەتی، لەلایەکیتر ئەم بوونەوەرە بایلۆجییە لە زەمینەیەکی کۆمەڵایەتیدا ژیان دەگوزەرێنێت و خاوەنی (ویژدانی گشتییە)دا دیارە لە هەندێك باردا ئامانجەکانی تاك لەگەڵ ئامانجی گشتیی (ویژدانی گشتییە) وێك نایەتەوە لێرەوە بەرژەوەندی تاك بە لایەکدا دەڕوات و بەرژەوەندی گشتیش بە لایەکی دی، واتە لەو جێگەی هەژموونی ویژدانی گشتیی لە سەر تاك کەم دەبێتەوە رەفتاری تاوانکاری زۆر دەبێت و ئامارەکانی تاوانی کوشتن و خۆکوشتن بەرز

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەبنەوە (ممتاز، 2006: 56). رۆبەرت مرتۆن(.Robert. Merton 1910-2003) لەتیۆرەکەیدا پێیوایە کۆمەڵگە گرنگی بە کۆمەڵێك ئامانجی کولتووری دەدات، لەلایەکیتر کۆمەڵێك میکانیزم فەراهەم دێنێت بۆ گەیشتن بەو ئامانجە، واتە هەر بونیادێکی کۆمەڵایەتی خاوەنی دوو توخمی سەرەکییە ئەوانیش بریتین لە :

**1-ئامانجەکان:** هەر کۆمەڵگایەك کۆمەڵێك ئامانجی گشتی خۆی هەیە، تاکەکان هەوڵی بەدەستهێنانی دەدەن

2-**پێوەرەکان:** کۆمەڵێك ڕێسان لە لایەك کۆنترۆڵی ڕەفتاری مرۆڤ دەکەن و لەلایەکی تریش شێوازی گەیشتن بە ئامانجەکان دیاری دەکەن (حجازي: 1981: 86).
بەگوێرەی تیۆرەکەی مێرتۆن هەندێ ڕێسا هەن وەکو کارکردن، کۆکردنەوەی پارە و فێربوون، ئەم رێسایانە زۆربەی بەهاکان دەورەیان داون، ئەگەربێت و کەسێك ڕێز بۆ بەهاکان دانەنێت، لەکاتی هەوڵدان بۆ گەیشتن بەو رێسایانە توشی لادان دەبێت، وەك کەسێکی لادەر لە قەڵەم دەدرێت، لەم نێوندەشدا لێکترازانی کۆمەڵایەتی دێتە گۆڕێ لە دەرئەنجامی ملمڵانێی نێوان خواستەکانی مرۆڤ و سنورداریی بوار و توانا ماددییەکان سەرهەڵدەدەن و پەنا دەباتە بەر بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر و لێرەوە تووشی چەندین گرفتی کۆمەڵایەتی دەبێتەوە لەوانەش، جیابوونەوە، هەڵوەشاندنەوەی خێزان و هەستنەکردن بە بەرپرسیاریەتی (الوريكات، 2008: 149). لەدیدی تیۆرەکەی مێرتۆن ئەوتاکانەی ناتوانن بگەنە ئامانجە کولتوورییە بەرزەکان، بۆ پاساوی شکستەکانیان ماددە هۆشبەرەکان بەکاردەهێنن، ئەم بەکارهێنانەش تاك تووشی کۆمەڵێك بیرکردنەوەی نەرێنی دەکات، سەرئەنجام پەنا دەباتە بەر ئەنجامدانی ڕەفتاری تاوانکاری، وەکو کوشتن، لێدان، جیابوونەوە و راکردن لەبەرپرسیاریەتی (فايد، 2006: 207). کاتێك کەسێك خاوەنی کۆمەڵێك ئامانجی خۆیەتی، یان دەیەوێت پێی بگات، بەڵام کۆمەڵگە، دەرگا بەڕووی ئارەزوو خواستەکانیدا دادەخات، ئیدی ئەو کەسە ناتوانێت بەئاسایی بە ئامانجەکانی بگات ناچاری رەفتاری سەرکێشی دەنوێنێت (ستودە، 2005: 111). **تۆرستن سیلین**(.Thorsten Sellin 1896-1994) لێکترازانی کۆمەڵایەتی و هەڵوەشاندنەوەی خێزان بەتاوان دەزانێت چونکە پێیوایە بە ئەندازەی لاوازبوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵایەتی زیاد دەبێت، بەو ئەندازەش ویژدان لاواز دەبێت و تاوان زیاد دەکات.

تاك تووشی ڕەفتاری لادەرانە دەبێت و لە نۆرمە کۆمەڵایەتییەکان دەترازێ و دژیان دەوەستێتەوە و پەنادەباتە بەر ئەنجامدانی ڕەفتاری نەشیاو و پەنابردن بۆ بەکارهێنان و فێربوونی مادده هۆشبەرەکان، بۆیە سیلین داوای دروستکردنی گیانی هاوکاری و تەبایی دەکات، بۆ گەڕانەوەی خۆشەویستی ئاشتی خێزانەکان، پێیوایە ئەگەر ئەم هەنگاوە نەنرێت، شوێنەواری بەکارهێنانی مەترسیدار لەسەر خێزانەکان دروست دەبن و توشی هەڵوەشاندنەوە دەبن (ئەکرەم، 2020: 122). **(ئیلیوتEliot،**

**3- تیۆری رەفتاری: (Behavioral Theory )**

ویکلر (Wickler.1931-2009 **)** یەکەم کەس بووە کە ئەم تیۆرەی پەیوەست کرد بەشیکردنەوەی ڕەفتاری بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەرەکان و بەردەوامبوون و وازهێنان لێی، وکلر وای داناوە دەرئەنجامەکان کاریگەرییەکی گرنگیان هەیە لەسەر خووگرتن بە ماددەی هۆشبەر کاتێك لەسەر ئاژەڵەکانی تاقیکردەوە، ڕەفتاریان گۆڕا و زیانەکانی بەرز بوونەوە زیاتر لە لایەنی تورەبوون و هەڵچوونەوە، وکلر پێشبینی کرد کە شێوازەکانی ڕەفتار لەدوای دووبارە بەکارهێنانەوەی مادده هۆشبەرەکان لەشێوەی فێربوون چەندین دەرئەنجامی کوشندەی زنجیرە نەخۆشیە دەروونیەکان بەدوای خۆیدا دەهێنێت وەکو قەلەقی، خەمۆکی، نائارامی دەروونی و گۆشەگیری (منصور، 2000: 46). تیۆری ڕەفتاری پێیوایە لەپشت ڕەفتاری بەکارهێنان و خووگرتن پاڵنەرێکی باش و ئەزموونی و جێبەجێکردنی مەرجی هەبێت، کەواتە ئەو ڕەفتارە وەك ڕەفتارە ئاساییەکانی دیکە وەکو خۆراك و پارە کە بۆ هەرکەسێك ئاساییە و دەتوانێ ئەنجامی بدات (،**stolerman**، 2001:19 ). **ستولرمان .** **(Stolerman1939-2016)** دوپاتی دەکاتەوە کەوا بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان کاریگەری دروست دەکات لەسەر بەکارهێنەر و دەیخاتە دۆخێکی ئارام و وەك پاداشتێکی ئەرێنی لای بەکارهێنەر سەیر دەکرێت و لای گرنگ دەبێت وەك خواردن و خواردنەوە، لە دەرئەنجامیشدا ئەم سەرکێشیە سەردەکێشێ بۆ فێرکردنی هاورێکان و گۆڕینی شێوەی ماددەکان و شێوەی بەکارهێنان و گۆڕینی شوێنی بەکارهێنان، ئەم هەستە ئەرێنیە لەبەردەوامبوونیدا (شوێنەوار) ی ئاڵودەبوون و چەندین گرفت و شوێنەواری دەروونی لەسەر تاکی بەکارهێنەر دروست دەکات وەکو خەمۆکی، دڵەڕاوکێ، گۆشەگیری، ڕەشبینی و دورە پەرێزی (فاید، 2004 : 359). کرۆکی تیۆری ڕەفتاری لەوەدایە کەبەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان بۆ بەکارهێنەران پاڵ پشتیەکی ئەرێنییە، وەکو بەدەستهێنانی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خواردن و بەدەستهێنانی پارە، بەهای ئەو مادده هۆشبەرانە لەڕوانگەی تێربوونی ئاڵودەبوو دیاری دەکرێت بەپێی کەوتنە ژێر کاریگەری ئەو مادانەوە لەڕوانگەی کاتەوە، تاك توشی دووره پەرێزی و ڕەشبینی دەکات و کاریگەری نەرێنی لەسەر بەکارهێنەر جێ دەهێڵێت ( البار، 2006: 43). برۆك جەی ئێس(Brook.j.s) سەبارەت بە تیۆری ڕەفتاری، خاوەن جیهانبینی و تایبەتمەندی خۆیەتی، برۆك پێیوایە کێشەی بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان لە ڕەفتار و هەڵسوکەوتی خێزانەوە سەرچاوە دەگرێت، ڕوونتر بڵێین بوونی پەیوەندی سۆزدارانە لەنێوان ئەندامانی خێزان، بەتایبەت باوان و منداڵەکانیان، هەروەها تایبەتمەندی دەروونی ئەندامانی خێزان کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر کەمتر بڵاوبوونەوەی ئەم دیاردەیە، بۆ ئەم مەبەستەش (برۆك) چوار هۆکار دەخاتە ڕوو کە لەپەیوەندییە خێزانییەکان دەکاتە پێوەر و بنەما بۆ خراپ بەکارهێنان، لەم بارەیەوە پێیوایە بوونی هەر درزێك لەم پەیوەندیانەدا بۆی هەیە ببێتە نێوەندێکی لەبار بۆ بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان تووشی چەندین گرفتی دەروونی و کۆمەڵایەتییان دەکات کە شوێنەوارەکانیان مەترسین بۆ سەرتاك، گروپ و کۆمەڵگا (احسان، 2004: 92).

**هۆکارە خێزانیەکانی بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر بەپێی تیۆری برۆك.**

یەکەم: تاچەند بەهای کۆمەڵایەتی وەرگیراو لەباوانەوە نێگەتیڤیانە سەیری پەیوەندییە خێزانییەکان بکات ئەوەندەش منداڵ لە ژینگە خێزانیەکەی زیاتر نیگەران دەبێت و ناچاری دەکات بۆ بەدیلی تر بگەڕێت و لێرەشەوە تووشی بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر دەبێت.

دووەم: تا چەند چاودێریکردنی مناڵ لەلایەن باوانە پشتگوێ بخرێت، هێندەش زیاتر مەترسی بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان لەسەر منداڵ زیاتر دەبێت.

سێیەم: تا دایك لە ڕووی دەروونییەوە تەندروستر بێت، کاریگەری لەسەر پەیوەندیە خێزانییەکان زیاترو ئاستی خراپ بەکارهێنان کەمتر دەبێت.

چوارەم: چەند دایك بتوانێت کۆنترۆڵی مناڵەکانی بکات لەڕووی پەروەردەییەوە، کاریگەری مادده هۆشبەکان لەسەریان کەمتر دەبێت (احسان، 2004: 93).

تیۆری ڕەفتاری گرنگی زۆر بە بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان دەدات، ئەمەش بەمەبەستی دۆزینەوەی ڕێگا چارەیەکی گونجاو بەرامبەر کاریگەری و مەترسییەکانی مادده هۆشبەرەکان، ئامانجی

بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەم تیۆرە چارەسەر کردنی ڕەفتاری بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان کار لەسەر ئەوە دەکات، ئەو کەسانەی ئەم ڕەفتارە دووبارە دەکەنەوە توشی چەندین شوێنەواری کۆمەڵایەتی و دەروونی دەبنەوە، ئەم تیۆرە دەیەوێ ڕێگریان لێ بکات سزایەك لەبەرامبەریان دابنێ(عبد الغني، 2009: 35) تیۆری ڕەفتاری پێیوایە کاتێك مرۆڤ ڕوو دەکاتە بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر بەمەبەستی ڕزگاربوونە لە دڵەڕاوکێ و مەینەتیەکانی ژیان بەلایەنە باش و خراپەکانی، هەرچەندە بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان زیانی دەروونی هەیە بۆ سەر بەکارهێنەرانی، بەڵام بەکارهێنەرانی کۆکن لەسەر ئەوە کەوا مرۆڤ بۆ ڕزگار بوون لەبێزاری ڕوودەکاتە ئەم ماددانە و بەچارەسەری دەروونییان دەزانێ، لە دەرئەنجامدا تووشی تێکچوونی کۆئەندامی دەمار دەبێت و چەندین ڕەفتاری نەشیاو ئەنجام دەدات کە کار دەکاتە سەر کەسایەتی و تووشی لادان و کەتن و سەرپێچیان دەکات، چەندین شوێنەواری دەروونی و کۆمەڵایەتی مەترسیداریش بەدوای خۆیاندا دەهێنن (عطا، 2008: 196). تیۆری ڕەفتاری وای دادەنێت کە بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان ڕەوشتێکی فێربوونە. لەوانەیە هەرکەسێك ئەگەر ماددەیەکی هۆشبەر بەکاربهێنێت بۆ یەکجاریش بێت، کاریگەری لەسەر بەجێ دەهێڵێت و ئارەزووی دووبارە بەکارهێنانەوەی دەکات تا بگاتەوە هەمان هەست و دواتر دەبێتە تاکی ئالو دەبوو، شوێنەوار دەروونییەکانی وەك (قەلەقی، نیگەرانی، گۆرینی تەواوی ڕەفتارەکانی چەندانیتریش) ڕوبەڕووی چەندین کێشەی دەروونی مەترسیدار دەبێتەوە(سلیماني، 2012: 45). بەپێی تیۆری ڕەفتاری بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان و یان ڕاهاتن لەسەری جۆرێکە لە خوو کە دەبێتە بەشێك لە ژیانی کەسی بەکارهێنەر و تەرك کردنی کارێکی سەختە ، ئەم عادەتەی تێدا زیاتر دەبێ کە دەکەوێتە ژێر کاریگەری هەست کردن بە چێژو خۆشی، کە لەکاتی بەکارهێنان لێی بەدیار دەکەوێ، هەندێك لەم ماددە هۆشبەرانە جۆرێك لە گۆڕانی فسیۆلۆجی تێدا ڕوو دەدا کەوا لە بەکارهێنەر دەکا ترسی هەبێ لەوەی ئەم مادەیەی لێ ببڕێت، چونکە تووشی ئێش، ژان و هەستکردن بە تەنیایی، ڕاڕایی و گۆشەگیری دەبێت (غانم، 2004: 59). کەسی بەکارهێنەر و ئاڵودەبوو کاتێك بیری دێتەوە لەکاتی نەمانی ماددەکە یات تێپەڕبوونی کاتی بەکارهێنانیدا چەند ناخۆشی چەشتووە، وای لێ دەکا تا پێی بکرێ ماددەکانی لێ نەبڕێت و بەردەوام لای بێت، چونکە دەرمانەکە تاکە سەرچاوەی خۆشی و نەمانی ئازارەکانییەتی، کاتێك ماددەکانی لێبرا و دەستی نەکەوت شوێنەوارە دەروونییەکان دەردەکەون و تاك تووشی چەندین نەخۆشی دەروونی و ڕەفتاری تاوانی توندو تیژی دەکات دەبێتە تاکێکی نائاسایی و ناجێگیری

دەروونی و گۆڕینی هەڵوێست و ئاڕاستەکانی ئەنجامدانی ڕەفتاری سەرکێشانە (براميلي، 2009: 36). تیۆری ڕەفتاری جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەو منداڵ و هەرزەکارانەی خاوەن پەیوەندیەکی تۆکمە و باش بوون لە ناو خێزان و قوتابخانەدا ئەوا کەمتر دووچاری بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر بونەتەوە، چونکە لایەنی دەروونی و جەستەییان باش پەروەردە کراوە و توانای بەرەنگاری ئەم دیاردەیان هەیە و زیاتر کەوتوونەتە ژێر کاریگەری ویژدانی گشتیەوە (ئەسوەد، 2004: 30). توێژەرانی تیۆری ڕەفتاری ئەوەیان سەلماندووە، بەکارهێنەرانی ماددەی هۆشبەررئارەزوویان زیاد دەبێ هەرکاتێ بەکارهێنەران خۆیان لەو شوێنانە بینیەوە کە پێشتر ماددەی هۆشبەریان لێ بەکارهێناوە، کەواتە بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان، ڕەفتارێکی فێرکراوە کاتێك تاك هەست بە دڵەڕاوکێ و شڵەژان بکات پەنابباتە بەر بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر و هەست بەهێمنی و خۆشی بکات، ئەوا دەبێتە هۆی بەکارهێنانی دووبارە بەکارهێنانەوەی دواتر چەندین نەخۆشی دەروونی پڕ مەترسیدار سەر هەڵدەدەن وەکو نەخۆشی سایکۆس، شیزۆفرینا، خەمۆکی و دڵەڕاوکێ (الدمراش، 1982: 126).

## 4- تیۆری دەروونشیکاری: (Psychoanalytic theory)

ڕیشەی ئەم تیۆرە بۆ سیگمۆند فرۆید دەگەڕێتەوە (Sigmund Freud .1856–1939)فرۆید دەڵێت: (ئەگەر مرۆڤ بیەوێت لە ڕەفتار تێبگات، پێویستە لەو پاڵنەر و غەریزانە تێبگات، کە لە پشتیانەوە ئامادەییان هەیە، بۆیە فرۆید بۆ تێگەیشتن لە ڕەفتاری تاك بایەخێکی زۆری بە پاڵنەر و غەریزەکانی مرۆڤ داوە لەپاڵیشیاندا پاڵنەرەکانی ڕەفتاری بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان (ئەلحەیدەری، 2018: 81). تیۆری شیکردنەوەی دەروونی پشت دەبەستێت بە گەڕانەوە بۆ ململانێ نەستییەکانی سایکۆلۆژیای بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر لەسەر دوو بنەما، ئەوانیش:

**بنەمای یەکەم:** خۆی لە ململانێ دەروونییەکان دەبینێتەوە وەك پەیوەست بە ئەمن و ئاسایش هەروەها پەیوەست بە دامەزراندنی خود، هەروەها تێرکردنی لایەنی سێکسی بەو پێیەی تاك لە حاڵەتی شکست لەو لایەنانەدا دەکەوێتە ناو کۆمەڵێك ململانێ لە ئەنجامیشدا پەنا دەباتە بە بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان و تاك توشی هەڵچوون دەبێت.

**بنەمای دووەم:** خۆی لە شوێنەوارە کیمیاییەکانی ماددەی هۆشبەر دەبینێتەوە وەك پێداویستیەك بۆ تێربوون و پڕکردنەوەی پێداویستیەکان (عبدالمنعم، 2007: 83). تیۆری دەروونشیکاری، بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر دەگەرێنێنەوە بۆ مەستی و دڵخۆشی ئەو مەستییەی لەڕێگەی بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر یاخود بەدەربڕێنێکی تر سوکردنی دۆخی خەمۆکی کەسی بەکارهێنەر یان ئالۆدەبوو پێیەوە دەناڵێنێت هەر لە دیدی ئەم تیۆرە بەکارهێنان بەم دەستەواژانەی خوارەوە شیدەکرێتەوە.

1-گوزارشتێکی پیشەییە بۆ خود.

2-قەرەبوکردنەوەی خەمۆکیەکی توندە، کە لە ئەنجامی بێ بەشبوون و تێرنەکردنی چەند پێداویستیەکی سەرەکی دێتەکایەوە..

3-لە ئەنجامی چەند چالاکییەکی نالەباری کۆمەڵایەتی دروست دەبێت.

4-ڕەفتارێکی کەسییە.

5-ڕەفتارێکە لە ئەنجامی ونبوونی پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان دروست دەبێت (الحراشة، 2012 : 43).

لایەنگرانی تیۆری شیکردنەوەی دەروونی دیاردەی بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر لەژێر ڕۆشنایی شڵەژانی هەست و سۆز شیدەکاتەوە، کە دووچاری تاك دەبنەوە، وەکو پەیوەندییە سۆزداریەکان لەسەرەتای تەمەنی هەرزەکاریاندا لەگەڵ باوان یان گروپی هاوڕێیان، چونکە تاك پێیوایە پەنا بردن بۆ بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان نیشاندانی خۆشەویستییە بۆ خود و ئەوانەی ئەو ماددانە بەکاردەهێنن، لە ئەنجامیشدا شوێنەواری دەروونی لەپاڵیاندا دروست دەبێت، وەکو هەستی تەنیایی، دورەپەرێزی، وڕێنە کردن و شەرمنی (شابرول، 2001: 83). تیۆری دەروونشیکاری ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە ئاولۆدەبوون گەشە دەکات کاتێك تاکەکان پەنا دەبەنەبەر خواردنەوە کحولیەکان و بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر، بەمەبەستی ئەوەی خۆشی و کامەرانی و هەڵاتن لە ئازار بۆ خۆی دەستەبەر بکات، چونکە تاك بەمەبەستی خۆرزگار کردن لەڕاڕایی و خەمۆکی پەنا بۆ ئەم ماددانە دەبات (مشاقبە،2007 : 63). بۆیە ئەم تیۆرە باوەڕیان وایە کە گرنگی نەدانی تاك بە (خود) هەروەها هەست نەکردن بە بەختەوەری، هاوکارن بۆ هاندانی تاك بۆ بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر هەروەها زانایانی ئەم تیۆرە دۆخی ئالۆدەبوون دەگێرنەوە بۆ چەند بارودۆخێکی سەختی خێزانی کە زۆر لەقۆناغی منالی دروست دەبێت وا لەتاك دەکەن هەمیشە خۆی لا خۆشەویست بێت و کەسایەتیەکی خود ئەڤینی بۆ خۆی دروست بکات (شابرول، 2001: 83). بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر چەند ڕۆڵێك بۆ کەسی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەکارهێنەر دروست دەکات، ڕۆڵی یەکەم وەك کپکردنی خەمۆکی و تورەیی، ڕۆڵی دووەم کەسایەتی خۆ دەربازکەر لە نارەحەتیەکانی پێ دەبەخشێت (الحراشة، 2012: 43). ئەمەش هەمیشە هەرزەکار باوەڕی وایە کە بەکارهێنانی ماددەی هۆشەر یارمەتی دەدات بۆ دەربازبوون لە دڵەڕاوکێ و خەم و هەستکردن بەتاوان، لەبەرامبەریشدا هەست بە ئاسودەیی دەروونی دەکات.(شابرول، 2001: 83). بەبۆچۆنی سیگمۆن فرۆید، سەرەتای بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر، بەشێوەیەکی خۆشییە بەڵام دواتر دەگۆرێت بۆ ناخۆشی، لێرەوە چەندین شوێنەواری دەروونی بەدوای خۆیدا دەهێنێت ئەم ئاوێتەیەش وادەکات سەرەتا حەزی خۆشی و چێژی تێر بکات، بەڵام لەگەڵیدا هەستی تاوانی لای دروست بێت، لەگەڵ کەمبوونەوەی ڕێزگرتن بۆ خودی خۆی، لە کۆتایدا هەموو ئەو هەستانە تاك توشی دڵەڕاوکێ دەکەن، ئەم دڵەڕاوکێیە وا دەکات تاك هەڵبسێت بە دووبارە کردنەوەی ڕەفتارەکە بەمەبەستی گەیشتن بە چارەسەری دڵەڕاوکێ و دووبارەکردنەوەی ئەم ڕەفتارە، لەدەرئەنجامدا بەکارهێنەر تووشی چەندین نەخۆشی دەروونی دەبێت و چەندین شوێنەواری دەروونی جێ دەهێڵێت لەدوای خۆی، وەك خۆ بەکەم زانیین، لاوازی پەیوەندیەکانی، گۆشەگیری، نا ئارامی، شڵەژانی کەسایەتی، خەمۆکی و نیگەرانی (سویف، 1996: 147).

هەر ئەم تیۆرە، بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر دەگەرێنێتەوە بۆ ململانیێ ناوەکی، وەکو:

1-پێداویستی بۆ تێرکردنی سێکس.

2-پیداویستی بۆ ئاسایش و ئارامی.

3-پێداویستی بۆ چەسپاندنی خود (الشناوي، 1998: 442).

ئەم تیۆرە پێیوایە بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر هەستی جنسی دەجولێنێ کە لەسەرەتای بەکارهێناندا بێت، بەڵام کاتێك دەگاتە قۆناغی ئالۆدەبوون لاوازی جنسی یەکێك دەبێت لە شوێنەوارەکان کە کۆمەڵێك شوێنەواری نەرێنی لێ دیاردەکەوێت، وەکو نا ئومێدی، دڵەڕاوکێ، هەستی کەمی، تورەبوون، گیانی دوژمنکاری، خەمۆکی، دڵپیسی، کەسایەتی سایکۆبات و ژیان لە وەهمدا (الدمراش، 1982: 24). بۆیە تاکی بەکارهێنەر وەکو کەسایەتیەکی هەڵچوو و تورە وایە و دەروونی خۆی دەگۆرێت، بەڵام واقعی دەورووبەری پێ ناگۆرێت، ئەم بەکارهێنانە ژیانێکی وەهمی کاتی بۆ فەراهەم دەکات و دەیگەیەنێتە دۆخی خوازراو کە خۆی مەبەستیەتی، ئەمەش وای لێدەکات هەست بە بەهێزی بکات و توانای بەگژداچوونی ژیانی هەبێت، بەڵام لەڕاستیدا ئەمە تەنها هەستێکە بەشێوەیەکی کاتی و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەلاوازی لەناخیدا شاردویەتەوە (عبدالمنعم، 2005 : 87). ئەم تیۆرە ئەو ڕاستیە دەخاتەڕوو کاتێك تاك تیشك دەخاتە سەر گرفتێك لە گرفتە دەروونییەکانی خۆی توانای چارەسەرکردنی گرفتەکەی نیە، بەلاوازی بەرامبەری دەوەستێت و توانای هیچ بڕیاردانێکی نیە و نازانیّ چۆن خۆی دەرباز بکات، لەوێوە دەیەوێت پاڵپشتێك پەیدا بکات، بۆ دەربازبوون یان چارەسەر بوون، پاڵپشتی بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر بەپاڵنەرێکی گرنگ دەزانن و پشتی پێ دەبەستن، بۆ دووبارکردنەوەش بەهەمان شێوە، لەترس و نیگەرانی و ئەو ئازارو نائومێدییەی تێی کەوتووە (كفافي، 2011: 348). لەدیدی ئەم تیۆرە، کپکردن مەرجێکی سەرەکییە لای تاك، واتا تاك کێشەیەك لەناخی خۆیدا کپ دەکات، بەمەش پەنا دەباتە بەر چەندین پێچوو پەنا بۆ ئەوەی لەڕێگەیانەوە بەرگری لە ڕەفتاری خۆی بکات لەوانەش دڵەڕاوکێ، یان دابڕان لە واقع تاك تووشی بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر دەبێت لە پێناو کپ کردنی ناخی خۆی (phares، 91 :1984 ). فرۆید پێیوایە کە کەسایەتی لەسێ بەش پێك دێت ئەوانیش ، یەکەم، (ئەو، نزمەخودID)، ئەمە ئەو جۆرە کەسایەتیە دەگرێتەوە کە هێشتا ژینگە قسەی لەسەر نەکردووە، دووچاری گۆڕانکاری نەبووە، ئەم بەشە بە گوێرەی بنەمای چێژی ئێستا بێ بیرکردنەوە لە دەرئەنجام کاردەکات.دووەم،( من، خود، Ego)دوای تێکەڵ بوونی منداڵ بەواقع بەچەند کۆت و بەندێك کاریگەر دەبێت تاوەکو بتوانێت (من) زیاتر لەگەڵ ژینگەدا کاریگەری دروست دەکات و بەریەککەوتنی زیاتری دەبێت واش لەتاك دەکات کە خۆی لەگەڵ بارودۆخەکاندا بگونجێنێت(من) دوو چالاکی هەیە ئەوانیش (هەست، نەست) سێیەم،(منی باڵا، بەرزە خود، Super Ego ) ئەم بەشە ڕەنگدانەوەی بەشێکە لە بەشی دووەم (من) ئەویش دووچاری چەند گۆڕانکاریەك دەبێتەوە، وا لەتاك دەکات کە پابەندبێت بە چەند بەها و پێوەر و نۆرمێکی کۆمەڵایەتییەوە (طه، 1989: 202).

## تاوتوێکردنی تیۆرەکان:

تیۆری فێربوونی کۆمەڵایەتی، بەکارهێنانی هۆشبەرەکان دەگەڕێنێتەوە بۆ فێربوون و لاسایکردنەوە و تێبینیکردنی هەڵسوکەوتانەی کەسانی بەکارهێنەر لەدەووروبەری، چونکە بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر هۆکارە بۆ بەهێزکردنی هەندێ هەڵسوکەوتی سەرەتایی، ئەرێنی یا نەرێنی، وەك ئارامکردنەوەی دڵەڕاوکێ، فشار، یان دابەزاندنی ئاستی دڵەڕاوکێ پەیوەستە بە بنەماکانی فێربوون و ئەم شۆڕبونەوەیەش دەری دەخات کە تاك فێری ئەوە دەبێ کە بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان ڕەنگە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

گونجانی جەستەیی مرۆڤ کەمتر بکاتەوە بەرامبەر فشارەکان، لەدوا ساتە یەکبەدوای یەکەکاندا تاك بەرەو داڕوخان دەبات و توشی چەندین شوێنەواری کۆمەڵایەتی دەکات لەوانەش دوور کەوتنەو نەمانی پەیوەندیەکانی تێکچوونی ڕەفتارەکانی و هەنگاو نان بەرەو ئەنجامدانی دیاردە تاوانییەکان و نەمانی پێگە و کەسایەتییەکەی. لەهەمانکاتدا کرۆکی تیۆری لێکترازانی کۆمەڵایەتی پێیوایە بەکارهێنەری ماددەی هۆشبەر کەسێکە ناتوانێت لەگەڵ نۆرمە زاڵ و باوەکانی کۆمەڵگا خۆی بگونجێنێت یان قبوڵیان بکات، ئەمەش ئاماژەیە بۆ هەبوونی گرفتێکی کۆمەڵایەتی و لاوازبوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەناوخێزاندا و لێکترازانی کۆمەڵایەتی زیاد دەبێت، تاکەکان توشی بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر دەبن و شوێنەواری مەترسیدار لەڕوانگەی کۆمەڵایەتی سەرهەڵدەدەن خێزان بەرەو هەڵوەشاندنەوە دەبەن، کە تاك توشی چەندین شوێنەواری کۆمەڵایەتی دەبێت لە ئەنجامی بەکارهێنانەوە، وەك جیابوونەوە، توندو تیژی خێزانی، تاڵان، لێدان، کوشتن، سوتاندن و یاسا شکێنی. وێرای ئەوەش ناوەرۆکی تیۆری ڕەفتاری ئاماژە بەوە دەکات کە دیاردەی بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان، ڕەفتارێکی فێربوونە تاك چەندین جار دووبارەی دەکاتەوە بۆ ڕزگار بوون لە دڵەڕاوکێ و خەمۆکی، بەکارهێنەر هەست بەئارامی دەکات، هەرکەسێك بۆ جارێکیش ماددەی هۆشبەر بەکاربهێنێت. کاریگەری لەسەر بەجێ دەهێڵێت و ئارەزووی دووبارە بەکارهێنانەوەی ئەو ڕەفتارە دەکات تا بگاتەوە بە هەمان هەست، شوێنەوارە دەروونییەکان دەردەکەون و تاك تووشی چەندین نەخۆشی دەروونی و ڕەفتاری تاوانی توندو تیژی دەکات دەبێتە تاکێکی نائاسایی لە ڕووی دەروونیەوە وە چەندین ڕەفتاری سەر کێشانە ئەنجام دەدات. وەهەروەها تیۆری دەروونشیکاری ئەوە شیدەکاتەوە، کاتێك تاکێك ڕووبەڕووی گرفتێك دەبێتەوە لە ئەنجامی ململانێ دەروونییەکانی و ناتوانێ چارەسەری بکات و بەلاوازی بەرامبەری دەوەستێت و توانای بڕیاردانێکی نیە و نازانێ چۆن خۆی دەرباز بکات، لەوێوە دەیەوێت پاڵپشتێك پەیدا بکات، بۆ دەربازبوون یان چارەسەر بوون لەو دۆخە دەروونییەی تێی کەوتووە، پاڵپشتی بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر بەپاڵنەرێکی گرنگ دەزانن و پشتی پێ دەبەستن، بۆ دووبارکردنەوەش بەهەمان شێوە، لەترس و نیگەرانی و ئەو ئازارو نائومێدییەی تێی کەوتووە، کۆمەڵێك شوێنەواری نەرێنی لێ دیاردەکەوێت، وەکو نا ئومێدی، دڵەڕاوکێ، هەستی کەمی، تورەبوون، گیانی دوژمنکاری، خەمۆکی، دڵپیسی، کەسایەتی سایکۆبات .

## ئەنجامەكانی توێژینەوە:

بەپێی ئەو زانیارییە زانستیانەی كە لە تیۆرەكاندا خستراوەتە ڕوو دەگەینە ئەو ئەنجامانەی خوارەوە.

**1-فێربوونی كۆمەڵایەتی دەبێتە هۆی زیادبوونی بەكارهێنانی  ماددی هۆشبەر، ئەمەش دەبێتە هۆی زیادبوونی قەبارەكەی و  زیادبوونی  مەترسی و شوێنەوارە كۆمەڵایەتی و دەروونییەكان**

**2- بەكارهێنانی  ماددە هۆشبەرەكان   بە هۆكارو دەرئەنجامی لێكترازانی كۆمەڵایەتی دادەنرێت، ئەمەش شوێنەواری كۆمەڵایەتی و دەروونی لەسەر تاك و خێزان كۆمەڵگا  جێ دەهێڵێت.**

3- بەكارهێنانی ماددە هۆشبەرەكان، ڕەفتارێكی فێربوونە تاك چەندین جار دووبارەی دەكاتەوە بۆ ڕزگار بوون لە دڵەڕاوكێ، خەمۆكی و نائارامی، تا دەگاتە ئاستی ئاڵوودەبوون. تاك تووشی چەندین نەخۆشی دەروونی و ڕەفتاری تاوانی دەكات و ڕەفتاری سەر كێشانە ئەنجام دەدات.

4- لە ئەنجامی ململانێ دەروونییەكان كاتێك تاك ناتوانێ چارەسەری خۆی بكات، بەلاوازی بەرامبەری دەوەستێت. دەیەوێت پاڵپشتێك بۆ خۆی پەیدا بكات، بۆ دەربازبوون لەو دۆخە دەروونییەی تێی كەوتووە، بۆیە بەكارهێنانی ماددەی هۆشبەر بەپاڵنەرێكی گرنگ و سەرەكی دەزانێ و پشتی پێ دەبەستێ.

## پێشنیارەكانی توێژینەوە :

1- پێكهینانی لێژنەیەك لەسەر ئاستی  هەر سێ سەرۆكایەتی هەرێم و ئەنجومەنی وەزیران و پەرلەمانی كوردستان، لێژنەیەكی تایبەت بە ڕووبەڕووبوونەوەی ماددە هۆشبەرەكان پێكبهێنرێت ئەنجامی توێژینەوەكان بە پێویستی دەزانن .

2- زیاتر گرنگی دان بە رووبەرووبوونەوە و بەرەنگاربوونەوەی نەهێشتنی ماددە هۆشبەرەكان لە لایەن وەزارەتەكانی(  ناوخۆ و داد و ڕۆشنبیری و تەندروستی و ئەو قاف و پەروەردە و خوێندنی باڵا

3-دابینكردنی ئامێری پێشكەوتوو بۆ پشكنینی ئەو خەڵكانەی لە سنووری ئەو وڵاتانەی كە پێشتر ئاڵوودەیی ماددەی هۆشبەر بوونە بەكاربهێنرێت هەروەها ئەو كەل و پەلانەی لەم سنوورانە هاوردە دەكرێن بە ئامێری پێشكەوتوو بپشكێنرێن.

4-پێویستە حكومەت بڕە پارەیەكی دیاریكراو تەرخان بكات بۆ ئەنجامدان و ڕاسپاردنی توێژەران بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەی زیاتر لەو بوارەدا پێویستە و گرنگە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

5-دروستکردنی بەڕێوەبەرایەتییەکی گشتی نیشتمانی لەسەر ئاستی کوردستان بۆ بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان.

6-کردنەوەی چەند سەنتەرێکی چارەسەرکاری بۆ تووشبوانی ئاڵوودەبوون بە بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان..

## سەرچاوەکان

**یەکەم: سەراوە کوردییەکان**

1-ئەلحەیدەری، ئیبراهیم (2018) سۆسۆلۆژیای توندوتیژی و تیرۆر، وەرگێرانی، دانا مەلا حەسەن، سلێمانی، چاپخانەی سەردەم.

2-ئەکرەم، سورێن (2020) تیۆرەکانی تاواناسی، هەولێر، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.

3-ئەسوەد، نەوزاد احمد (2004) لەنێوان بلیمەتی و شێتیدا، سلێمانی، کتێب فرۆشی سۆران.

4--قەرەچەتانی، کەریم شەریف (2008) سایکۆلۆژیای پەروەردەیی، سلێمانی: چاپخانەی پەیوەند.

5-محەمەد، فائیز ئیبراهیم (٢٠١٣)، کۆمەڵناسی خووگرتن بەمادده هۆشبەرەکان، هەولێر، چاپخانەی رۆژهەڵات.

**دووەم: سەرچاوە عەرەبییەکان**

1-الشناوي، محمد محروس (1998) نظريات الإرشاد والعلاج النفسي، القاهره دار غريب للطباعة والنشر والتوزيع.

2-الدمرداش، عادل (1982) الإدمان مظاهره وعلاجه، المجلس الوطنى للفنون و الاداب، الكويت، سلسلة عالم المعريفة، العدد 56.

3-الدخيل، عبد العزيز (2005) إدمان الكحول المشكلات والحلول، الرياض، مؤسسة الملك خالد الخيرية.

4-البار، محهد علي (٢٠٠٦) المخدرات، الخطر الداهم، دمشق، دار القلم للطباعة والنشر.

5-المعايطة، حمزه عبدالمطلب كريم وأخرون(٢٠١٧)، ظاهرة تعاطي المخدرات وأثارها في حدوث الجريمة في ضوء بعض المتغيرات الديموغرافية، الاردن.

6-أبوعمه،عبدالرحمن محمد (1998) حجم ظاهرة غير مشروع للمخدرات، مركز الدراسات والبحوث، أكاديمية نايف الرياض العربية للعلوم الأمنية.

7-النعيمي، فجر جودة (2015) علم النفس الاجتماعي- ديراسات لخفايا الانسان وقوى المجتمع، بغداد: دار ما.

8-المراشدة، يوسف عبد الحميد (٢٠١٢) جريمة المخدرات افة تهدد المجتمع الدولي، الأردن، الناشر: دار الحامد للطباعة، الطبعة الثانية.

9-العواد، سلمان محمد (2002) الخصائص الاجتماعية و الاقتصادية لمدمنى الامفيتامين و مدمني الحشيش والعاديين دراسة مقارنة، رسالة ماجستير غير منشورة، تونس، مقدمة الي قسم علم الجتماع، كلية الدراسات الاجتماعية والأنسانية، جامعة تونس.

10-العشماوي، السيد، (1994) الجوانب الاجتماعية لظاهرة الإدمان، الرياض : المركز العربى للدراسات الأمنية والتدريب.

11-الوريكات، عايد عواد (2008) نظريات علم الجريمة، عمان، دار الشروق.

12-العمري، صالح بن محمد (2002) العود الى الانحراف في ضوء العوامل الاجتماعية، الرياض، جامعة نايف العربية للعلوم.
13-العقيل، سليمان عبدالله(2009) العوامل الاجتماعية والنفسية وراء تعاطي المخدرات، الرياض: بحث مقدم الى الندوة العلمية بعنوان: المخدرات و الأمن الأجتماعي، أكاديمية نايف العربية للعلوم الأمنية.
14-بهرامى، هادى (2004) اعتياد و فرايند پيشگيرى، تهران، انتشارات سمت.
15-حجازي، مصطفى (1981) الأحداث الجانحون، دراسة ميدانية نفسانية اجتماعية، ط٢دار، بيروت دار للنشر الطليعة.
16-براميلي، صونيا الياس براميلي (2009) نظريات في جنح الاحداث ادمان كحول بغاء، طرابلس لبنان، المؤسسة الحديثة للكتاب.
17-سليماني، فتيحة (٢٠١٢) الإدمان على المخدرات وأثرها على الوسط الأسري، رسالة ماجستير، الجزائر، كلية العلوم الإنسانية والاجتماعية، جامعة وهران، وهران.
18-سويف، مصطفى (1996) المخدرات و المجتمع نظرة تكاملية، سلسلة عالم المعريفة الكويت، يصدرها المجلس الثقافي للفنون و الأداب.
19-سعيدي، عتيقة (٢٠١٥)، أبعاد الاغتراب النفيس وعالاقتها بتعاطي المخدرات لدى المراهق، الجزائير جامعة محمد خيضر- بسكرة، كلية العلوم اإلنسانية والاجتماعية -قسم العلوم االجتماعية.
20-عبدالمنعم، -موسوعة علم النفس الموسوعة النفسية الجنسية، بيروت، دار نوبليس،
21-عطا، جميل نبى، كمال الحوامدة (2008) الشباب الجامعي وأفة المخدرات، عمان، دار كنوز المعريفة العلمية للنشر والتوزيع.
22-فطاير، جواد (2001) الإدمان، انواعه و مراحله، علاجه، القاهيرة، دار الشرق.
23-كفافي، علاءالدين (2012) الصحة النفسية والارشاد النفسي، دار الفكر، عمان.
24-محمد، حمدي الحجار(1992) العلاج النفسي للإمان على المخدرات والمؤثرات العقلية، الرياض، المركز العربي للدراسات الأمنية والتدريس.
25-مشاقبة، محمد أحمد (2007) الإدمان علي المخدرات الإرشاد والعلاج النفسي، عمان، دار الشروق للنشر والتوزيع.
26-منصور، محمد عباس (2000) تشخيص الاضطرابات النفسية، اضطرابات التعاطي و الادمان، الكويت، مكتب الانماء الاجتماعي.
27-بدوى، أمينه ابراهيم، سعدات، محمود فتوح (2016) أثار الصحية والنفسية لتعاطي شباب الجامعة للمواد المخدر، فلسطين،
28-طه، فرج عبدالقادر (1989) أصول علم النفس الحديث، القاهرة، دار المعارف.
عبد الغني، سمير محد (٢٠٠٩) المخدرات، القاهرة، دار الكتب القانونية للنشر والتوزيع.
29-عبداللطيف، رشاد أحمد (1992) الآثار الاجتماعية لتعاطي المخدرات تقدير المشكلة وسبل العلاج والوقاية، الرياض، دار النشر بالمركز العربي للدراسات الأمنية والتدريب.
30-غانم، حسن (2003) دراسة نفسية متعمقة لحالة إدمان متعدد، القاهره، مجلة علم النفس، العدد ٦٤.ص:7-16.
31-غانم، محمد حسن (2004) الإدمان أضراره و نظرياته تفسيره علاجه، القاهيرة، دارغريب للطباعة والنشر.

**سێیەم: سەرچاوە فارسییەکان:**

1-ممتاز فريده ، انحرافات اجتماعى، نظريه ها ديدگاها، تهران، شركت سهامى انتشار.
2-احسان، هادى بهرامى (2004) اعتياد وفرايند پيشتگيرى، تهران، سازمان مطاعه و تدوين.

3-سخاوت، جعفر (2002) جامعه شناسی انحرافات اجتماعی، انتشارات دانشگاه پیام نور.

**چوارەم: سەرچاوە ئینگلیزییەکان:**

1. Bradiza C.M. ،Stasiewicz(1994) ،AConditioning Reinterpretation Of Cognitive Events In Alcohol And Drug Cue Exposure ،In.Journal Behav Ther & Exp Psychiatric.
2. Bradiza.C.M. ،Stasiewicz(1994) ،AConditioning Reinterpretation Of Cognitive Events In Alcohol And Drug Cue Exposure ،In.Journal Behav Ther & Exp.
3. Hawkins ،J.D ،Arthur ،M.W. ،Catalano ،R.F(1992) ،Bilding Safer Society :Strategic Approachs To Crime Preventio : Preventing Substance Abuse ،University Of Chicago ، USA.
4. Newman ،B.M. ،newman ،P.R(1986) ،Development Through Life A Psychosocial Approach ، Dorsey Press ، USA. .
5. Phares ، E. J. (1984): Clinical Psychology: Concepts ، Methods ، and Professions. Homewood ، Illinois: The Dorsey Press.
6. Alvink، Siuonger.(1976) Drug and therapy، Boston،-Little Brown and company6

# Theories Of Analyzing the Social and Psychological Effects of Drug

**Rebin Kakamam Omer Bawzi**
Department of Sociology, College of Arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
rabinkakamam@gmail.com

**Asst. Prof. Dr. Zana Ahmed Perdawd**
Department of Sociology, College of Arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
Zana.perdawd@su.edu.krd

***Keywords:*** *Drugs, Social Trails, Psychological Trails, Social Learning Theory, Psychological Theory*

## Abstract

Summary This study highlights the analysis of the social and psychological effects of drug use, from the perspective of social and psychological theories, which consider drugs to be a terrible threat to the structure of individuals, families and society. This is a phenomenon that has spread around the world, and statistics have been serious. In the Kurdistan region, the trade in narcotics continues to increase, creating many

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

psychological and social issue This study is an attempt to determine the extent to which the social and psychological effects.

## الملخص

هذه الدراسة تسلط الضوء على تحليل الآثار الاجتماعية والنفسية لتعاطي المخدرات، وذلك من منظور النظريات الاجتماعية والنفسية، تعتبر المخدرات تهديدا رهيبا لبنية الأفراد والأسر والمجتمع. وهذه هي ظاهرة قد انتشرت في أنحاء العالم، والاحصائيات كانت خطيرة. وفي إقليم كوردستان التجارة بالمواد المخدرة في تزايد مستمر، وذلك أدت إلى خلق عديد من المشاكل النفسية والاجتماعية. هذه الدراسة محاولة لتحديد مدى التي تتزايد فيها الآثار الاجتماعية والنفسية لتعاطي المخدرات. وفي نهاية دراستنا نقدم أهم النتائج التي توصلنا إليها. الكلمات المفتاحية: النظرية، الآثار، الأجتماعية، النفسية، المخدرات.

**الكلمات المفتاحية: المواد المخدر، الآثار الإجتماعية، الآثارالنفسية، النظرية التعليم الأجتماعية، النظرية النفسية**